# په نابه رانی ئۆردوگای ئه لکه رامه نه ورۆزیان پیرۆزکرد ،

به پێێ هه واڵێک که له کۆمیته ی په نابه رانی ئه لکه رامه که به ته له فون به ده ستمان گه یشتووه که شه وی 20.03.2005 کورده ئاواره کانی ڕۆژهه ڵاتی کوردستان له ئۆردوگای ئه لکه رامه له ده ورو به ری ئۆردگاکه یان به کردنه وه ی ئاگرێکی زۆر نه ورۆزیان پیرۆز کرد. به رز بوونه وه ی گڕی ئاگره که له 20 کیلۆمتری سه ره وه و خواره وه ی سنووری عێراق و ئۆردون ده بینرا. هه ر هه مان کات هێزه کانی ئاگر کوژێنه وه ی ئۆردون و به هێزێکی زۆری نیزامی یه وه خۆیان گه یانده ئۆردوگاکه و وایان زانی له و شوێنه دا ته قینه وه ڕویداوه.
خۆشه ویستی ئاهه نگی نه ورۆز له نێو کورده کاندا له کاته کانی شادی و ناخۆشیدا جێگای تایبه تی خۆی هه یه، هه ربۆیه په نابه رانی هه میشه چاوه ڕوانی چاره نووس له ژیانی ژێر خێوه تدا و به سه رمای به ناوبانگی ده شتی قات و قڕی نێوان سنووری عێراق وئۆردون ئه و ئه رکه نه ته ویه یان به جێ گه یاند. کۆمیته ی په نابه رانی ئه لکه رامه به رنامه ڕیزیان کردبوو که ڕۆژی 21.03 له نێو ئاواره کان به رنامه یه کی هوونه ری و سه رگه رمی به بۆنه ی نه ورۆزه وه پێشکه ش بکه ن، به ڵام به داخه وه 30 خوله ک پێش ده ست پێ کردنی به رنامه که یان کاره بای ئۆردوگاکه یان لێ داخراو نه یان توانی به رنامه که یان پێشکه ش بکه ن.

شایانی باسه ئاواره کانی ئۆردوگای ئه ڵتاش له کاته تاڵه کانی ژیانیاندا له حوکمداری ڕێژیمی دڕنده ی به عسدا تا کاتی ڕوخانی ئه و ڕێژیمه به رده وام ساڵانه یادی ئاهه نگی نه ورۆزو 2 ی ڕێبه ندانیان به ئه رکێکی نه ته وه یی و نیشتمانی پیرۆز ده کرد، هه ر بۆیه دانیشتووانی ئه لکه رامه ش هه ر هه مان ئاواره ن که ساڵانێکی زۆر له ژیانی دوور له نیشتمانی دا له ئۆردگای ئه ڵتاش ئه و یاده یان پیرۆز ده کرد و ئیستاش دیسانه وه له ئۆردوگایه کی نوێدا ژیانی ئاواره یان ده ست پێ ده که نه وه.
ئافه رین و ده ست خۆشانه بۆ ئێوه کیژان و کوڕانی ئاواره ی دوور له کوردستان ،

**به شی ڕاگه یاندنی: کۆمیته ی پشتیوانی له په نابه رانی ڕۆژهه ڵاتی کوردستان له عێراق و ئۆردون**
altash_refugee@yahoo.com
0047 92 81 78 73 :0047 90 52 94 33